دێرین مەحمود:

# له كوردستان ئافرەتی بەهرەمەند هەیە دەبێت بایەخیان پێ بدرێت

**کاتێك چوومە هۆڵی داخراوی شـــەهید فرەنســۆ هەریری لە شاری هەولێر یارییەکی دۆستانەی نێوان هەردوو یانەی قەڵا و هەڵبژاردەی پەروەردەی کەرکووك بەڕێوە دەچوو، لە دەرەوەی هۆڵەکە گوێبیستی هاندەرانی نێو هۆڵ دەبووم، کە هەموو بە یەك دەنگ هاواریان دەکرد (میســی.. میسی) ئەمەش بووە پرســیار بووە هۆکارێك، کە بچمە نێو هۆڵەکە بۆ ئەوەی بزانم هۆکاری ئەم هاواری جەماوەر چییە.**

**کاتێك کە ســەیری یارییەکەم کرد تێبینی ئەوەم کرد، کە کچە یاریزانێك کە تۆپ لە لای دەبێت هۆڵەکە هەمووی هاواری دەکرد (میســی.. میســی)، بەڵام جەماوەر ناحەقی نەبوو ئەم کچە یاریزانە لە رووی جمەجۆڵەوە خاوەن بەهرەیەکی یەکجار زۆرە بووە جێگای سەرســوڕمان و ســەرنجی من، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی تەواو بوونی یارییەکەم کرد بۆ ئەوەی بچمە لای ئەم کچە یاریزانە بەمەبەســتی ئەنجامدانی دیمانە، ســەرەتا رێگام لە راهێنەری کچەکە وەرگرت، بەڵام لە یەکەم پرسیار لە کاتی وەڵامدانەوەی، شــتێکی تر سەرنجی راکێشام، کە لێم پرسی تۆ تەمەنت چەند ساڵە، یەکسەر گوتی من لە دایکبووی ســاڵی (٢٠٠٠)م پرســیارێکی ترم لە لا دروســت بوو ئاخو ئەم کچە یاریزانە بەم تەمەن بچووکە چۆن دەتوانێت لەگەڵ ئەم یاریزانانە یاری بکات، کە لە رووی تەمەن و درێژەی و بەهێزی جەســتە و هەموو شــتێك لەو گەورەترن تەنیا لە جموجۆڵ و بەهرە نەبێت، دەقی دیمانەی ئەم کچە یاریزانە بەمشێوەیە.**



***ناوی تەواوت چییە؟**

- ناوم دێریــن مەحمودە لە دایکبووی ســاڵی (٢٠٠٠)ی شــاری کەرکووك و یاریزانی هەڵبژاردەی پەروەردەی کەرکووك.

*** کێ بووە هۆکاری دۆزینەوەی تۆ؟**

- (بە زەردەخەنەوە وەڵامی داوە) و گوتی: مامۆستا دلاران منی دۆزیەوە، کاتێك هاتە نێو پۆلەوە گوتی کێ حەز دەکات یاری تۆپی پێ بکات منیش ئامادەی خۆم نیشان دا دواتر راستەوخۆ منی بۆ هەڵبژاردەی پەروەردەی کەرکووك بانگهێشت کرد و توانیان نازناوی پاڵەوانێتی پەروەردەکانی عێراق لەســەر ئاستی کچان بە دەستبهێنین.

*** دوای ئەم نازناوە هیچ گرێبەســت بۆ نەهات؟**

- لەگەڵ تەواوبوونی ئەم پاڵەوانێتییە چەندین یانە گرێبەســتی پێشکەش کردووم بۆ ئەوەی لە تیپی یەکەمی ئەم یانانە لــە خولەکانی عێراق و کوردســتان یاری بکەم، بەڵام من گشت گرێبەســتەکانم رەتکردەوە، چونکــە قوتابیم دەبێــت بایەخ بە خوێندن بدەم و حــەز دەکەم لە دوا رۆژ ببمە مامۆستا.

*** ئایــا بانگهێشــتی هەڵبژاردەی عێراق کرایت؟**

-لەگەڵ تەواوبوونــی ئەم پاڵەوانێتیە راهێنــەری هەڵبــژاردەی عێراق منی بانگهێشتی هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق کرد بۆ ئەوەی لە ریزی ئەم هەڵبژاردەیە بەشــداری لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە بکەین.

*** تا چەند دایك و باوکت پاڵپشتیت دەکەن؟**

- هاندەری ســەرەکی من باوکمە، کە لە گشت یارییەکان لــە نێو هۆڵ ئامادە دەبێت بــۆ ئەوەی هانم بدات و هەردەم ئامۆژگاریيم دەکات زۆر سوپاســی دەکەم، کە پاڵپشتێکی بەهێزی منە.

*** چۆن تۆپی پێت هەڵبژارد؟**

- زۆر حــەز لە تۆپی پێ دەکەم، هــەردەم لە کەناڵەکان سەیری یارییەکان دەکەم.

*** بۆچی بە میسی بانگهێشتت دەکەن؟**

- چونکە سەرسامم بە ئاستی یانەی بەرشلۆنە و میسی و هەردەم سەیری یارییەکان دەکەم، لە کاتی یارییەکان جەماوەر بە میســی بانگهێشــتم دەکەن، چونکە دەڵێن تۆ لە رووی جموجۆڵ و جووڵانەوە زۆر بەهرەمەندی.

*** داواکاریت چییە؟**

- هیوادارم زیاتر بایەخ بە بواری وەرزشی ئافرەتان بدرێت، چونکە لە کوردســتان ئافرەتی بەهرەمەند هەیە، کە دەتوانن دەستکەوتی گەورە بە دەستبهێنین.

لــە کۆتاییی من داوا لە لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردســتان و نووسینگەی ئافرەتان لە لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان دەکەم، کە بەجیــدی بایەخ بەم بەهرەمەنــدە بدرێت، چونکە ئەمە ئەگەر گرنگی پێبدرێت ئەوە دەبێتە ئەســتێرەی داهاتووی کوردســتان، بەڵام بایەخــدان تەنیا بە بەڵێــن نابێت بەڵکو بە دابین کردنی پێداویســتی ئەم کچــە یاریزانە لە رووی دابینکردنــی راهێنەرێکی بە توانا بۆ ئەوەی ئاســتی ئەم کچە بەهرەمەندە زیاتر پێش بخات و هەروەها دانانی خشتەی مەشــقی رۆژانە و نووستن و خواردن و دابینکردنی کەل و پەلی وەرزشی.

رەنگە لە گشت یارییەکان چەندین بەهرەمەندی لەم شێوەیە هەبێت، بەڵام دەبێت بناغەیەکی تۆکمەی وەرزشی ئافرەتان لە کوردســتان دابندرێت و دەبێت ســەرەتاییەکی لە دارین بێت.




# بۆ یەکەمجار لە کوردستان ناوبژیوانانی کچ دروست دەبێت

بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ناوبژیوانانی کوردستان وگرنگیدانی زیاتر بە تواناکانیان و بەرهەم هێنانی ژمارەیەك لە ناوبژیوانانی لاو بۆئەوەی ببنە سوودمەندی داهاتووی وەرزشی کوردستان و خزمەت بە وەرزشی شارە کوردستانییەکان بکەن بەتایبەتیش لە ئاستی کچان، بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان لە هۆڵی کتێبخانەی گشتیی هەولێر –زەیتون لە پایتەختی کوردستان خولێکی پێگەیاندنی ناوبژیوانانی تۆپی پێی بەڕێوەچوو، کە ٦٩بەهرەمەند لە هەردوو ئاستی کوڕان وکچان لە هەر چوار شاری کوردستان بەشداریی خولەکەیان کرد بە ماوەی ٣ڕۆژ وانەکانیان بەهەردووشێوازی تیۆری وپراکتیکی پێ دەگوترایەوە، بۆیەکەم جاریشە ٢٢کچە وەرزشوانی ئافرەت بەشداری خولەکەیان کردبوو بەهیوای ئەوەبوون ببنە ناوبژیوانی کوردستان و بڕیاریشە لە مانگی چواری داهاتوو تاقیکردنەوەی جەستەیان بۆدەکرێت دەبنە ناوبژیوانی پلە سێی کوردستان و عێراق، وانەکانیش لەلایەن هەردوو وانەبێژعادل قەسابی وانەبێژی نێودەوڵەتی وئەرسەلان قادر وانەبێژی توانایی جەستەیی بەڕێوەچوون، ئێمەش بۆزیاتر تیشك خستەسەر ئاستی خولەکە ئەم راپۆرتەمان ئەنجامدا.

**شەونم سەلاح بەشداربووی خولەکە بەگۆڤاری گوڵان گوت:** خولێکی زۆر سەرکەوتووبوو لەگشت روویەك هەردوو وانەبێژەکە لە ماوەی خولەکە بە شێوازێکی زۆر زانستی وانەکانیان بۆئێمە دەگوتەوە، گوتیشی هەرچەندە من یەکەم جارە وەکو کچە وەرزشکارێك بەشداری خولێکی وادەکەم، بەڵام هیچ کێشەیەکمان تووش نەهات و داوکاریشین کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە بەردەوام بێت، بۆئەوەی ئاست و توانای کچانیش زیاتر بێت و لە داهاتوو بتوانین لە خولەکانی کوردستان وەکو ناوبژیوان یارییەکان بەڕێوەببەین، پەرەی زیاتر بە ئاستەکانی کچانی وەرزشکار بدەن، چونکە ئەگەر بەراوردی رێژەی کچان و کوڕان بکەین لە خولەکە کچان ژمارەیان کەمبوو ئێمە کار لەسەر ئەوە بکەین کە رێژەی کچان زیاد بکەن لەم خولانە.

**هێلین هەندەران بەشداربووی خولەکە گوتی:** کردنەوەی هەر خولێك بۆکچانی وەرزشکار سوودی تایبەتی خۆی دەبێت، ئێمەش وەکو کچانی بەشداربوو لە خولەکە سودێکی زۆرمان بینی بەهیوای ئەوەشین کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە بەشێوەیەکی بەردەوام بکرێتەوە بۆئەوەی کوڕانیش شان بەشانی کچان بەشداری کاری ناوبژیوانی بکەن لە یارییەکان، ئەوەی جێگای تێبینیشە کچانی وەرزشکار زۆر بەکەمی بەشداری خولەکان دەکەن، دەبێ رۆڵی مامۆستاکانیش زیاتر بێت بۆئەوەی هانی قوتابیان بدەن لە وەرزش کردن و چوونە ناو خولەکان،سودێکی زۆریشمان بینی لەم خولە گرنگە، ئەوە هیوای ئێمەش لە داهاتوو لە یارییەکانی خولەکانی کوردستان یاری بەرێوەببەین.







**سورەییە نادر کچە بەشداربووی خولەکەش** روونی کردەوە کە خولێکی زۆر سەرکەوتووبوو لە گشت روویەکەوە و ئاستێکی زۆر بەرزی هەبوو بەهیوای ئەوەم لە داهاتوو ژمارەی کچان زیاد بێت بۆئەم جۆرە خولانە بۆئەوەی زۆرترین زانیاری لەسەر کاری ناوبژیوانی وەربگرن، بۆئەوەی ئاستمان زیاتر بەرەو پێش بچێت پێویستە لەسەر یەکێتی تۆپی پێی کوردستان خولی بەردەوامان بۆبکەنەوە و گرنگی زیاتر بەتواناکانمان بدرێت، بۆبەدەست هێنانی ئەنجامی باش و ببن بە ناوبژیوان بەهیواوە بەشداری ئەم خولەم کردوە و دەمەوێ لە داهاتوو ببمە ناوبژیوانێکی سەرکەوتوو لە یاریگاکاندا.

**ئەرسەلان قادر وانەبێژی خولەکەش لە لێدوانێکدابۆ گۆڤاری گوڵان،گوتی:** دەمەوێ سەرەتا سوپاسی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بکەم، کە پاڵپشتێکی بێ وێنە بوون لە کردنەوەی ئەم خولە بە بۆچوونی منیش کردنەوەی ئەم خولە بە یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکانی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان دەژمێردرێ، یەکەم جاریشە لە کوردستان بتوانین کچان بهێنینە ناوکاری ناوبژیوانی و بەشداری خولەکانیان پێ بکەین، زۆر خۆشحاڵ بووم بە کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە کە زۆربەی کچە بەشداربووەکان لە پەیمانگای وەرزشی بەشداری خولەکەیان کردبوو، هیواداریین کچان بەردەوام لەگەڵمان بن بۆبەشداری کردن لە خولەکانی داهاتوو، گوتیشی لە داهاتوو هەوڵدەدەین بەفەرمی لە یارییەکان یارییان پێ بەڕێوەببەین، بەڵێنی ئەوەشمان وەگرتووە لە خولەکانی داهاتووی تازەپێگەیشتوان کاری ناوبژیوانیان پێ بکەین.

**سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان بۆگۆڤاری گوڵان** ئاماژەی بەوەکرد کە زۆرخۆشحاڵین بە کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە بۆناوبژیوانانی کوڕو کچی شارەکانی کوردستان، ئەوەی جێگای خۆشحاڵیشە کە رێژەی کچان بەشێوەیەکی باش دەبینین لەم خولە بەشداربووینە و دەبێتە مایەی خۆشحاڵی هەموولایەك، یەکمجاریشە کچان بەم شێوەیە ئارەزووی ئەوەدەکەن ببن بە ناوبژیوانی کوردستان، ئێمە وەکو بەرنامەی خۆمان بەردەوام دەبین لە کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە بۆئەوەی زیاتر گرنگی بەتواناکانی ئافرەتانی وەرزشکاربدەین لە گشت شارەکانی کوردستان ئێمە هاوکاریان دەبین لە کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە وئەمە یەکمجاریشە ئەو جۆرە خولانە دەکرێتەوە، بڕواشم وایە لەداهاتوو ژمارەی کچانی ئارەزوومەندی کاری ناوبژیوانی زیاتر بێت، کاریان پێ دەکەین لەگەڵ ئەو ناوبژیوانانەی کە خاوەن ئەزموون بۆئەوەی ئەوانیش بە شێوەیەکی باش فێری کاری ناوبژیوانی ببن،لەداهاتوو کارەکانیان پێ ڕادەسپێردرێ بە باشی بەڕێوە ببەن.




# دۆرتمۆند.. رۆیشتنی لیڤاندۆڤسکی نزیک بۆتەوە

هانس یواکیم ڤاتسکە بەڕێوەبەری یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی پێشبینی ئەوەی کرد کە لە کۆتایی ئەم وەرزەدا یاریزانی هێرشبەری پۆلەندی رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی ریزەکانی یانەکەیان بەجێبهێڵێت، ڤاتسکە لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا گوتی : بە هەموو شێوەیەك هەوڵماندا کە لیڤاندۆڤسکی بهێڵینەوە و ئەوە لە توانامان دابوو لە رووی مادییەوە پێشکەشمان کرد بەڵام هەوڵەکانمان بێ ئەنجام بوو.

لە لایەن خۆیەوە راهێنەر یانەی بروسیا دۆرتمۆند یۆرگن کلۆب دانی بەوە دانا کە قەرەبۆکردنەوەی رۆیشتنی لیڤاندۆڤسکی تەمەن ٢٤ ساڵ زۆر زەحمەت دەبێت، کلۆب گوتی : تا ئێستا هیچ شتێك بە فەرمی نییە بەڵام دەبێ ئێمە بۆ ئەم کارە ئامادەبین، رۆیشتنی لیڤاندۆڤسکی زۆر زەحمەت دەبێت قەرەبۆبکرێتەوە .

هەریەك لە یاریزانی بۆسنیا ئەدین دزیکۆ هێرشبەری یانەی مانچستەر سیتی و یاریزانی سەنیگالی مامی دیوف لە یانەی هانۆڤەر پاڵێوراون بۆ ئەوەی شوێنی لیڤاندۆڤسکی بگرنەوە، هەریەك لە یانەکانی بایرن میونیخ و مانچستەر یونایتد لە کێبڕکێیەکی بەهێزدان بۆ ئەوەی بۆند لەگەڵ لیڤاندۆڤسکی مۆر بکەن .







## کۆنتی باشترین راهێنەری خولی ئیتالیایە

راهێنەری یانەی یۆڤانتس ئەنتۆنیۆ کۆنتی بە باشترین راهێنەری وەرزی ٢٠١١-٢٠١٢ لە خولی ئیتالیا دەست نیشانکرا بە پێی راپرسی راهێنەرانی یانە پیشەگەرەکانی ئیتالیا دوای ئەوەی توانی یانەکەی بەرەو نازناوی کالچیۆ ببات بە بێ ئەوەی تووشی هیچ دۆڕاندنێك بێت، لە ئاهەنگێکدا لە سەنتەری وەرزشی یەکێتی تۆپی پێی ئیتالیا لە شاری فلۆرەنسا کۆنتی خەڵاتی کورسی زێڕین (بانکینا دۆرۆ)ی وەرگرت وەك باشترین راهینەری خولی پلە یەکی ئیتالیا، لەو کاتەی خەڵاتی کورسی زیوین بۆ باشترین راهێنەری خولی پلە دووەکان بۆ راهێنەری چیکی زدینیك زیمان بوو کە لەوەرزی رابردوو توانی یانەی پیسکارا سەربخات بۆ خولی پلە یەکەکان دواتر بووە راهێنەری یانەی رۆما و ئێستا لە ئەرکەکەی دوورخرایەوە .

# لە پێنج رۆژی داهاتوو دوو کلاسیکۆ بەڕێوەیە




سبەینێ سێشەممە ٢٠١٣/٢/٢٦ و شەممەی داهاتوو ٢٠١٣/٣/٢ دوو یاری کلاسیکۆی جیهان لە نێوان دوو یانە زەبەلاحەکەی ئیسپانیا ریال مەدرید و بەرشلۆنە ئەنجام دەدرێت کە ئەنجامی هەردوو یاری بەرێژەیەکی زۆر چارەنووسی دوو پاڵەوانیەتی سەرەکی لە وڵاتی ئیسپانیا بە دیاردەخات .

کلاسیکۆی یەکەم سبەینێ سێشەممە کاتژمێر ١١ی شەو بەکاتی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەست پێدەکات، لە یاریگای کامپ نو لە شاری بەرشلۆنە، یانەی بەرشلۆنە میوانداری یانەی ریال مەدرید دەکات لە یاری گەڕانەوەی قۆناغی پێش کۆتایی جامی شای ئیسپانیا، لە یاری چووندا هەردوو یانە بە گۆڵێك یەکسان بوون، بەرامبەر بوون بە بێ گۆڵ یان بردنەوە بەهەر ئەنجامێك لە بەرژەوندی بەرشلۆنەیە، بەڵام بەرامبەر بوون بە دوو گۆڵ و زیاتر یان بردنەوە بەهەر ئەنجامێك یانەی ریال مەدرید دەگەیەنێتە یاری کۆتایی .

یاری دووەمی کلاسیکۆ رۆژی شەممەی داهاتوو کاتژمێر ٦ی ئێوارە بە کاتی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەست پێدەکات، لە یاریگای سانتیاگۆ بەرنابیۆ لە شاری مەدرید لە یارییەکانی هەفتەی ٢٦ی خولی لالیگای ئیسپانیا، یانەی ریال مەدرید میوانداری یانەی بەرشلۆنە دەکات، ئەم یارییە لەسەر داواکاری یانەی شاهانە لەم کاتە نامۆیە ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی بە باشی خۆی ئامادە بکات بۆ ئەنجامدانی یاری گەڕانەوەی قۆناغی ١٦ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەرامبەر یانەی مانچستەر یونایتد لە یاریگای ئۆڵد ترافۆڵد لە شاری مانچستەر لە رۆژی سێشەممە ٢٠١٣/٣/٥، ئەم کلاسیکۆیە گرنگی کەمترە لە کلاسیکۆی جامی شای ئیسپانیا لەبەر ئەوەی یانەی بەرشلۆنە بە جیاوازییەکی زۆر لە پێش یانەی ریالە لە خولی ئیسپانیا .

چاودێران و پسپۆران پێیان وایە کە هەفتەی نێوان ٢٠١٣/٢/٢٦ تا ٢٠١٣/٣/٥ هەفتەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ یانەی ریال مەدرید و راهێنەرەکەی جۆزی مۆرینهۆ بۆ رزگارکردنی وەرزی ئەمساڵەی یانەی شاهانە بە بەدەستهێنانی نازناوێك بە لانی کەمەوە، هاندەرانی یانەی ریال مەدرید بە هیوای ئەوەن کە یانەکەیان بۆ جاری دەیەمین جامی چامپیۆنز لیگ بەرز بکاتەوە .

# مانشینی .. من باشترین راهێنەرم لە خولی ئینگلتەرا



راهێنەری یانەی مانچستەرسیتی رۆبەرتۆ مانشینی ستایشی تواناکانی خۆی دەکات و دووپاتیدەکاتەوە کە باشترین راهێنەری خولی ئینگلتەرایە لە ماوەی ١٥ مانگی رابردوو، مانشینی لە لێدوانێکیدا بۆ تۆڕی بی بی سی بەریتانی باس لە خۆی دەکات و گوتی : لە ماوەی ١٥ مانگی رابردوو من باشترین راهێنەری خولی ئینگلتەرام، لەلای من گرنگ نییە ئەو هەواڵانەی کە پێشبینی رۆیشتنم دەکەن لە یانەی مانچستەر سیتی لە کۆتایی ئەم وەرزەدا بە هۆی ئەنجامە خراپەکان .

لەمبارەیەوە مانشینی گوتی : لە وەرزی رابردوو خولی ئینگلتەرام بەدەست هێنا و پێشتریش جامی ئینگلتەرا و قەڵغانی خێرخوازی، هیچ راهێنەرێك لە ئینگلتەرا نییە ئەو دەسکەوتانەی منی بەدەست هێنا بێت بۆیە من باشترین راهێنەری خولی ئینگلیزییم لە ١٥ مانگی رابردوودا .

راپۆرتە هەواڵەکان پێشتر ئاماژەیان بەوەدابوو کە راهێنەر مانشینی لە کۆتایی ئەم وەرزە لە ئەرکەکەی دوور دەخرێتەوە دوای دەرچوونی یانەی مانچستەر سیتی لە چامپیۆنز لیگ و بەرز بوونەوەی جیاوازی خاڵەکان لەگەڵ رکابەرەکەی یانەی مانچستەر یونایتدی یەکەم بۆ ١٢ خاڵ و هەندێك لە چاودێران راهێنەر گواردیۆلایان دانابوو بۆ شوێنگرتنەوەی مانشینی بەڵام گواردیۆلا یانەی بایرەن میونیخی ئەڵمانی هەڵبژارد، لەمبارەیەوە مانشینی دەڵێ: یەکێك لە رۆژنامەنووسەکان دەیگوت مانشینی دەڕوا لە کۆتایی وەرزدا و راهێنەرێکی تازە بۆ یانەی مان سیتی دەست نیشان دەکرێت و ناوی راهێنەر گواردیۆلای دەهێنا، بەڵام گواردیۆلا پەیوەندی بە یانەی بایرەنەوە کرد و لەم کاتەوە هیچ ناوێکی دیکە باس ناکرێت و زمانەکان بێدەنگ بوون .

# فەجر ئیبراهیم بەفەرمی بووە ڕاهێنەری یانەی دهۆک

دەستەی کارگێڕی دوای ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە لە نێو دەستەی کارگێڕیی یانەکە بەمەبەستی دەستنیشان کردنی ڕاهێنەرێك بۆسەرپەرشتی کردنی مەشق و ڕاهێنانی یانەی دهۆك لە خولی بژاردەی عێراقی وجامی ئاسیادا، لە شوێنی ڕاهێنەری پێشوو جەمال عەلی کە بە هۆی ئەنجامە خراپەکانی لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی یانەکە دوورخرایەوە، سەعید ئەحمەد سەرۆکی یانەی دهۆك گوتی « بەفەرمی ڕاهێنەری سوری و پێشووی هەڵبژاردەی سوریا فەجر ئیبراهیم مان دەستنیشان کردوە بۆشوێنی جەمال عەلی ڕاهێنەری پێشووی یانەکەمان، ئەویش سەرپەرشتیی مەشقەکانی دهۆك دەکات لە هەردوو خولی بژاردەی عێراق و جامی ئاسیا، گوتیشی چەندین ناومان لەبەردەستدا بوو بۆ ئەو پۆستە، بەڵام دواجار بڕیاری ئەوەمان دا کە فەجر ئیبراهیم بۆ ئەو پۆستە شایستەیە ببێتە ڕاهێنەری یانەی دهۆك، لە بارەی بڕی گرێبەست و مووچەکەی،سەرۆکی یانەی دهۆك بڕی و مووچەی فەجر ئیبراهیمی ئاشکرا نەکرد،لەیەکەم کاریشدا وەکو ڕاهێنەر توانی سێ خاڵی گرنگ لە یانەی مینای شاری بەسرە وەربگرێت.





## یانەی سلێمانی لە خولی ک...

بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی یانەکەی و بەدەستهێنانی ئەنجامێکی شایستە لە یارییەکانی داهاتووی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بۆئەوەی چەند خانەیەك لە خولەکە بێتە پێشەوە، دەستەی کارگێڕیی یانەی سلێمانی سێ یاریزانی بەتوانای هێناوەتە ریزی یانەکەیەوە، بۆئەوەی لەم قۆناغە ئاستی گۆڕانکاری بەسەر بێت، بۆئەم مەبەستەش هەریەك لە یاریزانان(عەلی کازم و محەمەد جەمال وئاری تۆفیق) یان گواستۆتەوە ریزی یانەکەیان، لەبارەی بڕی گرێبەست و مووچەکانیشیان کە بۆئەم وەرزە یاری دەکەن تاکو کۆتایی هاتنی خولەکانی کوردستان درێسی یانەی دایك دەپۆشن،



## فەرهاد پیربال هۆنراوە تێکەڵ بە وەرزش دەکات

# چەند راهێنانێکی خێرا بۆ کەمکردنەوەی کێش

دوای ئـــەوەی لە ژمارەکانی رابردوودا چەند راهێنانێکمان بۆ کەمکردنەوەی کێش بڵاوکردەوە، ئێســـتا بە پێویســـتی دەزانین کە چەنـــد راهێنانێکی دیکەی خێرا بـــۆ کەمکردنەوەی کێش بڵاوبکەینەوە، جیاوازی لە نێوان ئـــەم راهێنانە لەگەڵ ئەوەی دیکە لەوەدایە، کە دەتوانین ئەم کۆمەڵە راهێنانە یەك لە دوای یەك لـــە یەك کاتدا ئەنجامی بدەیت، بەڵام ئەوەی دیکە دەبێت هەر رۆژی راهێنانێك ئەنجام بدەیت بۆ ئەوەی سوودی هەبێت.

پێش دەســـتپێکردنی ئـــەم راهێنانە خێرایە، دەبێت پرۆســـەی گەرمکردنـــەوەی لـــەش ئەنجام بدەیـــت، دواتر بەم شـــێوەیە راهێنانەکان ئەنجام دەدیت.

١-رۆیشتن لە شوێنی خۆت بۆ ماوەی یەك خولەك.

٢-راکردن لە شـــوێنی خۆت بەمەرجێـــك دەبێت ئەژنۆت تا دەتوانیت بەرزبکەیتەوە، بۆ ماوەی یەك خولەك و نیو.

٣-راکردن لە شـــوێنی خۆت دەبێت دواوەی پێت بە ســـمتت بکەوێت بۆ ماوەی یەك خولەك.

٤-راکردن لە شـــوێنی خۆت بە بەرزکردنـــەوەی ئەژنۆت بۆ سەرەوە بۆ ماوەی نیو خولەك.

٥-رۆیشتن لە شوێنی خۆت بۆ حەسانەوەی ئەندامانی لەشت بۆ ماوەی یەك خولەك.

٦-بازدان لە شوێنی خۆت لەگەڵ بەرزکردنەوەی دەستەکانت بۆ سەرەوی سەر بۆ ماوەی یەك خولەك.

٧-رۆیشتن لە شوێنی خۆت بۆ حەوانەوەی ئەندامانی لەشت بۆ ماوەی نیو خولەك.

٨-بازدان لە شـــوێنی خۆت بۆ پێشەوە و دواوە بۆ ماوەی یەك خولەك.

٩-رۆیشتن لە شوێنی خۆت بۆ حەوانەوەی ئەندامانی لەشت بۆ ماوەی نیو خولەك.

١٠-بازدان لە شـــوێنی خۆت و پێچەوانەکردنی قاچەکانت بۆ ماوەی یەك خولەك.

١١-راوســـتان لە شوێنی خـــۆت لەگـــەڵ جووڵانـــەوەی کەمـــەر لە دوورترین شـــوێن لە راستە بـــۆ دوورترین شـــوێن لە چەپە بۆ ماوەی یەك خولەك.

تێبینی: دەبێت ئـــەم راهێنانە یەك لە دوای یەك ئەنجامی بدەی بۆ ئەوەی ســـوودی هەبێت رۆژانە ئەنجامی بدە و ســـوودێکی زۆر باشـــی هەیە و هیچ پێویستی بە ئامێری وەرزشی ناکات.







## ـــوردستانیش خۆی بەهێزدەکات

عەلی کازم هێرشبەری یانەی پێشـــمەرگەی سلێمانییە و بڕی گرێبەستەکەی ٧ملیۆن ونیوە ومووچەی مانگانەشی یەك ملیۆن دینارە، محەمەد جەمالیش لە یانەی برایەتی شـــاری هەولێرەوە پەیوەندیی بە یانەی ســـلێمانی کردووە لەبەرامبەر بڕی ٨ملیۆن دیناروموچـــەی مانگانەی یەك ملیۆن دینـــارە، یاریزان ئاری تۆ فیقیش لە یانەی ســـیروانی نـــوێ پەیوەندی بە یانەی ناوبراو کردووە و گرێبەستەکەشـــی ٦ملیۆن دینـــارە لەگەڵ مووچەی مانگانەی ٧٠٠هەزار دینارە.جێـــگای ئاماژە پێکردنە ئەم وەرزە یانەی ســـلێمانی ئاستی لەخولی نایابی کوردستان وەکو پێویست نییە.

هەردەم گوێبیســـتی ئـــەوە بووین، کە شـــاعیر پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ وەرزش نییە رەنگە حەز لێبکات، بەڵام زانیاری تەواوی نەبێت یاخود نەچێت یاریگا.

بەڵام شـــاعیری بە توانا د.فەرهـــاد پیربالٚ یەکێکە لە هاندەرە سەرســـەختەکانی یانەی هەولێر ئەم شـــاعیرە لە زۆربەی یاخود لە گشـــت یارییەکانی یانەی هەولێر لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری ئامادە دەبێت و لە نێو جەماوەر دادەنیشـــێت، هەرچەندە کەسایەتییەکی دیاری ئەم شارەیە، بەڵام هەردەم لەگەڵ هاندەران هانی یانەکەی دەدات، ئەوەی ســـەرنجی چۆنیەتی هاندانی ئەم شـــاعیرە بکات دەبێتـــە جێگەی بایەخدان رەنگـــە زۆربەی کات نەتوانی ســـەیری یارییەکە بکەی بەهـــۆی هاندانی د.فەرهاد پیربالٚ کە بەشـــێوازێك هان دەدات، کە دەبێـــت تامەزرۆی ئەوە بێت، کە ســـەیری بکەیت. لە هەمووش گرنکتر ئەم شـــاعیرە لە گشـــت یارییەکان لە کاتی دەستپێکردنیان تا کۆتایی بانگهێشتی یەکەیەکە یاریزانەکان دەکات بە تایبەتی یاریزانە کوردەکان بە بێ ئەوەی هەست بە ماندووبوون یاخود بێزاری بکات، بەڵام د.فەرهاد پیربالٚ زۆر سەرسامە بە ئاستی یاریزانی پیشەگەری ئۆگەندی ئیڤان بۆکینا لە کاتی یارییەکان بە ئینگلیزی بانگهێشـــتی ئەم یاریزانـــە دەکات و هانـــی دەدات و هەروەهـــا رێنمایی دەدات و هـــەردەم دەڵێت یانـــەی هەولێر واتە ئیڤان و ئیڤـــان واتە یانەی هەولێـــر، چونکە بە بۆچوونی ئەو ئـــەم یاریزانە زۆر جار یاری بۆ شـــێرەکانی قەڵای زەرد دەکات، هەندێك جار لە کاتی هاندان هۆنراوە تێکەڵ بە وەرزش دەکات. هیوادارین گشت هونەرمەندان و شاعیر و گۆرانبێژ بوونی خۆیان لە نێو بواری وەرزشی کوردستان بچەسپێنن، چونکە بوونیان دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ هاندەران و هەروەها وەرزشوانانەکان.